# مەنشور ئەخلاقی خزمەت یان خیانەت!؟

رەحیم ئەحمەدی پوور



ماوەی ساڵانێکی زۆرە دەستێوەردانی سیاسی و نیزامی لە دنیای وەرزش دا لەلایەن یەکیەتی نێودەوڵەتییەوە، وەرزشەکان وەك پرۆژەیەکی یاسایی بەری پێ دەگیرێ. بەڵام بەداخەوە لەو وڵاتانەی کە خەڵکان هێشتا بەمانای نەتەوایەتی خۆیان نەگەیشتوون و بەواتایەکی دیکە مافی مرۆڤ، ئازادی و دێموکراسی لەچوارچێوەی حکومەتەکەیان دابوونی نییە. پێکهاتەی وەرزشی ئەوان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پاوان کراوەو رێگە بەکۆمەڵگای وەرزشی نادەن تابۆخۆیان رێگای سەرکەوتن بپێون و بەشێوەی سەردەمیانە بەرێوەی بەرن. هەرچەند دەستێوەردانی سیاسی لەوەرزشی دنیادا لەلایەن زیندال وێدلای ئارژانتینی، هیلری ئاڵمانی و موسولینی ئیتالیایی بۆدەیەی ١٩٦٠، ١٩٧٠ ی زایینی دەگەڕێتەوە. چونکە لەو سەردەمەدا رادەی هوشیاری کۆمەڵگاو رۆڵی میدیا وەرزشیەکان لەبەراورد لەگەڵ ئێستادا زۆر گۆرانکاری بەسەردا هاتووە. ئێستا یەك لەو حکومەتانەی بەشێوەی روون و ئاشکرا دەستێوەردانی سیاسی و نیزامی لەبەرێوەبەرایەتی وەرز شدا دەکات، کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

پێویست بەئاماژەیە یەکیەتییە نێودەوڵەتیەکان لە٣٠ ساڵ دەسەڵاتداریەتی رێژیمی ئاخوندی دا چەندین جار گەمارۆی توندو بێ بەشکردنی یانەو هەڵبژاردەکانی وڵاتەکەمانیان بۆ بەربەرەکانێ، بەمەبەستی قبوڵ کردنی پرۆژە سیاسیەکانی وەرزشی ئاستی بەرز وەك رێگە چارەیەکی گونجاو تاقی کردۆتەوە. لەکاتی دەستپێکردنی خولی نۆهەمی لیگی فوتباڵی نێوان وەرزی ٢٠٠٩ -٢٠١٠ " سەردار پور محەمەدی" سەرۆکی رێکخراویی لیگی ناوبراودا بەمەبەستی زیاتر پەراوێزخستنی لاوان و کوشتنی حەزو خولیاکانی ئەوان گەڵاڵەیەکی زۆرەملێ لەژێر نێوی مەنشوری ئەخلاقی هێناوە ئاراوە. نێوەرۆکی ئەم گەڵاڵەیە وەك دەیان گەڵاڵەیەکی دیکەدا کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هەموویان بوونەتە رێکخستنەوەی لاوانی وەرزشوانی نەتەوەکانی ئێران لەکۆمەڵگای وەرزشیدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویستی کۆمەڵگای وەرزشی پەسەند کراون. هەرچەند ئەم گەڵاڵەیە لەنێوخۆی وڵاتدا کێشەی زۆری لێ کەوتۆتەوە. بەڵام لەئاکامدا چەندین یاریزان بەناوەکانی عەلیرەزا واحدی نیك بخت، سیاوەش ئەکبەر پوور، پێژمان نوری، مەهدی رەحمەتی، عەلی کەریمی و حەنیف عمران زادە... لەیاری کردن لەخولی نۆهەم دا تەنیا لەبەربوونی ریشی هالیبودی و فۆرم و شێوازی قژی سەریان لەو خولەدا بێ بەش بوون. هەرچەند فیدراسیۆنی فوتباڵی ئێران لەساڵی ١٩٦٤ ی زایینی تا هەنووکە ئەندامی فەرمی یەکیەتی فوتباڵی جیهانی( فیفا) یە. بەڵام سەردار عەزیز پوور محمدی بەبێ لەبەرچاوگرتنی مێژوویی فوتباڵی ئێران، بریاری پەسەندکردنی مەنشووری ئەخلاقی دا. بەهێندێك وردبوونەوەی وەرزشی دەکرێ بڵێین ئم جۆرە بریارانە تەنیا بۆ پێشێلکاری مافە وەرزشییەکانی لاوانی ئێران کە لە ناوەندی سوپای پاسداران ئەو هێزە سەرکوتکەرەی کەئازادیخوازانی ئێرانی هیچ یادو بیرەوەریەکی خۆشیان لێ نییە، دەردەچن.

لەیەکێك لەخاڵەکانی ئەم مەنشورە ئەخلاقیەدا هاتووە کە گرینگترین پێوەر لە وەرزش ئەویش لەروانگەی بەرێوەبەرایەتی سیاسی و نیزامی وەرزشی وڵاتەکەمان، بنەماکانی ئایینی ئیسلامی دەبێ لەبەرچاو بگرێن. بەڵام ئاییني پیرۆزی ئیسلام لەوڵاتی عەرەبستانی سعودی سەری هەڵداوەو بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە هەرچەند شێوازی حوکمڕانی وڵاتی ناوبراو ئیسلامی و پاشایەتیە. بەڵام لە ئەکادمی وەرزشی ئەواندا هیچ جۆرە مەنشوورێکی ئەخلاقی و ئیسلامی بوونی نیە. تەنانەت وەرزشی ئەو وڵاتە بە پێچەوانەی ئێران خاوەن کەرتی تایبەتیەو هەموو سەرمایەدارو بازرگان و زۆرێك لەسەرمایە نەوتییەکانی ئەوان لەخزمەتی وەرزشی خۆیان دایە. کە مەنشووری ئەخلاقی بیرۆکەی سەدە نێوەراستیەکانی سەردار عەزیزپوور محمدی نەك هیچ گەڵاڵەیەکی گونجاون نین تا لاوانی نەتەوەکانی ئێران بەپشت ئەستووربوون بەم جۆرە گەڵاڵانە لەئاستی نێودەوڵەتی دا بەوە دەستهێنانی ئەنجامی بەرزبوونی خۆیان هەست پێ بکەن. بەڵکو بۆیان دەردەکەوێ سەرجەم بریارەکانی ١٠ ساڵی رابردووی ئەفسەرو پایەبەرزەکان، لەبەرێوەبەرایەتی وەرزش دا تەنیاو تەنیا ئیدئۆلۆژی ئەو ئەفسەرانە بووە، نەك میکانیزمێکی شیاو بۆ گەیشتن بە پێوانەکانی وەرزشی سەردەم.

وڵاتی ئێران لە رووی رێژەیی حەشیمەتەوە شەشەمین وڵاتی لاوی دنیایە. چونکە لە کۆی گشتی ٧٠ میلیۆن حەشیمەتی وڵاتەکەمان ٦٥٪ لەلاوانی ژێر ٣٠ ساڵ پێك دێ. بەم حیسابە وڵاتی ئێران نەك لە وڵاتی ئاسیادا بەڵکوو لەسەر ئاستی یارییەکانی ئۆلەمپیك و جامەکانی جیهانی دا، دەبوایە یەك لە وڵاتە بەهێزو دیارەکانی وەرزش بوایە. بەڵام بەداخەوە لاوانی وڵاتەکەمان سەرەرای هەموو تواناکانیان لەسایەی رێژیمی ئاخوندییەوە، خاوەن بەهرەی بێ بەهرەن.

***

# دیمانەیەك لەگەڵ مێرمنداڵی وەرزشكار، ئاژوان ڕۆحانی

**پ.بیۆگرافی خۆت بۆ خوێنەران باس بکە؟**

ـ ئاژوان ڕۆحانی لە دایكبووی ساڵی ١٩٩٢، یاریزانی فوتباڵم لە لاوانی یانەی وەرزشی كۆیەو قوتابیی پۆلی سێهەمی ناوەندی.

**پ. چۆن بوو چوونە نێو دنیای وەرزشەوە؟**

هەر لە منداڵیەوە خولیای یاریی فوتباڵ بووم بەڵام ساڵی ٢٠٠٦ لە هەڵبژاردەی فوتباڵی قوتابخانەی ئازادی دا پاش هەشت مانگ ڕاهێنانی باش لەیارییەكانی چالاكی پەروەردەی وەرزشی كۆیەدا بەپێشكەش كردنی ئاستێكی بەرز توانیمان سەرجەم یارییەكان ببەینەوەو پلەی یەكەمی خولەكەمان بەدەست هێنا، بەشداری كردن لەم خولە كەسایەتیەكی زۆری بە من و یاریزانەكانی دیكە بەخشی، دەتوانم بڵێم ئەوە دەسپێكی جوان بوو بۆیە هیچ كات لە بیری ناكەم.

**پ.گۆڵچی بەیەكێك لە هێڵە دژوارەكانی یاری فوتبال دەژمێردرێت، تۆ چۆن بوو پۆستی گۆڵچیت بۆ یاری كردن هەڵبژارد؟**

ڕاستە گۆڵچیەتی ئەركێكی دژوارە لە ٩٠ خولەكی یاریدا دەبێ زۆرترین فشار تەحەممول بكەی، بەڵام من هەمیشە حەز دەكەم پارێزگاری لەو هێڵە ئاستەمە بكەم و لەگەڵ ئەم دۆخە بەباشی ڕاهاتووم باوەڕی تەواوم بە خۆم هەیە.

**پ.كام یەك لەمامۆستاو ڕاهێنەرەكانت زۆر كاریگەریان لەسەر تۆ هەبوو؟**

كۆمەڵێك مامۆستاو ڕاهینەر بۆ پێگەیاندنی من هەوڵیان داوە كە جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاسی زەحمەتەكانیان بكەم بۆ نموونە: مامۆستا دیاری، كاك ئاسۆ قادری، مامۆستا ڕەحیم ئەحمەدی پوور, كە بۆ ماوەی ٤ساڵ ڕاهێنەری من بووە و لەهەموو كاتە خۆش و ناخۆشەكاندا بەپشتیوانی و بەردەوامی خۆی نەیهێشت هەست بەتەنیایی بكەین.

دیمانە: فەرسا حەسەن زادە

پ.ئاژوان لایەنگری كام یانەو هەڵبژاردەو یاریزانە لەسەر ئاستی دونیادا؟

لە یانەكان:– بارسلۆن، هەڵبژاردەكان: ئیتالیا، یاریزانەكان:بوفۆن و فرانچسكۆ تۆتی و ڤیكتۆرڤالدێز.

**پ.گەورەترین هیوایەتت لە دنیای وەرزشدا چیە؟**

حەز دەكەم بەبەردەوام بوون لەیاری فوتباڵدا ڕۆژێك پارێزگاری لە دەروازەی هەڵبژاردەی فوتباڵی هەرێمی كوردستان، بكەم لەكاتی بەڕێوەچوونی یارییەكانی ( فیفا) یان جامی نەتەوە بێ دەوڵەتەكان كەهەموو ساڵێك جارێك بەڕێوە دەچێت و هەڵبژاردەی هەرێمی كوردستانیش بەشداری تێدا دەكات.

**پ.خۆشەویست ترین هاوڕێ وەرزشیەكانت كێن؟**

من لە دەستپێكی هاتنە ناو دنیای وەرزشدا لەگەڵ كۆمەڵێك یاریزانی بە توانا بووم بەهاوڕێ لەساڵی ٢٠٠٦ بۆ ماوەی چەند ساڵێكە هەر وا بەردەوامین بەجۆرێك دەتوانم باڵێم مامۆستا ڕەحیم ئەحمەدی لەو سەردەمەدا بنەمای ڕێزو خۆشەویستی و گەیشتن بە ئاستی بەرزی وەرزشی فێری ئێمە كرد، هەروەها دەتوانم لە خۆشەویسترین هاوڕێكانم: شكار دروودگەر، هێژا حسینی، دیاكۆ مینایی، حاتەم جەهانگیری، كارزان ڕەجەبی، ئاوارە ڕەسووڵ پوور، ماردین مەحمودی، نزار عەزیزی. كە هیچ كات لەبیریان ناكەم.

***

